# ڕۆژنامەی ئازادو فشاری مەدەنی لە نێو گەمەکانی حزبدا
# (دەروازەیەکی تر) بۆ دەرکراو بۆ داخرا؟

**هێرش ڕەسوڵ**



لە کۆمەڵگای حزبیدا هەمیشە بە چاویلکەی حزبەوە لە هەموو شتێك دەڕوانرێت، بە چاوی ئایدۆلۆژیای سیاسیەوە تەماشای کایە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگا دەکرێت، لە ڕوانگەی بەرژەوەندی تەسکی گروپێکی سیاسیەوە سەیری پرسە جیاوازەکان دەکرێتو هەموو خوێندنەوەکانیش لەسەر هەمان بینین دەبێت.

ئیتر لە وەها کۆمەڵگایەکدا، کایەی سیاسی لە مانای ڕاستەقینەی خۆی دەردەچێتو بەسەر زۆر لە کایەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵگا زاڵدەبێت، لە یەکەم ئاماژەشدا هەستدەکرێت دەسەڵاتەکان لەیەکتر جیانەکراونەتەوە، پەرلەمان پتر دەزگایەك دەبێت بۆ ڕوکەشو ڕتوشکردنی هەندێ بڕیاڕی تایبەتی حزبیو ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی ناگێڕێتو ئەندامانی لە بری ئەوەی نوێنەری خەڵك بن نوێنەری حزبەکان دەبن.

داد نابێتە خاوەن دەسەڵاتی تەواوی خۆیو سەربەخۆییەکەی کە پێویستە هەیبێت پێینادرێتو دەستدەخرێتە ناو کارەکانیەوە.

دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش، تەنها بەناو لایەنی جێبەجێکار دەبێ، چونکە خۆی حزبە لە بەرگی حکومەتدا.

ئەگەر باس لە دەسەڵاتی چوارەمیش بکەیت کە خۆی میدیا لە دەبینێتەوە وەك چاودێر بەسەر دەسەڵاتەکەی ترەوە، ناتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێتو مەوداکانی ئازادیی ڕادەربڕین تادێ بەرتەسکتر دەکرێنەوەو لە ڕێگەی یاساوە ڕێ لە کارکردنی ئازادانەی ڕاگەیاندن دەگیرێو، بە ناوی نزیککەوتنەوە لە تخوبەکانی دینو بەها پیرۆزەکانو ئاسایشی نەتەوەییەوە پانتایی ئیشکردنی سنوربەند دەکرێت.

هەروەك دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵو زانیاری واتە هەقی زانین قۆرخدەکرێت، کاتێکیش ئەوانەی خەونی ڕۆژنامەی ئازادو کرانەوەو شەفافیەت کۆیکردونەوەو کار بۆ دەستنیشانکردنی ناشیرینیەکانو دەرخستنی ڕاستیەکان بۆ هاووڵاتیان دەکەن، بە هۆی ئەو دیوار بەندییەی ژورەکانی بڕیاردانی چارەنووسسازو زانیاریی هەستیارو گرنگ، هەواڵو داتاکان لە ڕێگەی ترەوە بە دزەکراوی وەردەگرنو بڵاودەکەنەوە، سکاڵای یاساییان لەسەر بەرزدەکرێتەوەو حوکمدەدرێنو بۆ ماوەیەکیش مەودای کارکردنییان لێ بەرتەسکدەکرێتەوە!

هەروەك لە کۆمەڵگای حزبیدا زانکۆو سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەییەکانو میدیای ئازاد کە دەزگاکانی پێکهێنەری کۆمەڵگای مەدەنیین بوونیان نیە، یاخود کە هەشن بە ئاقاری ڕێڕەوی خۆیان ناڕۆن، یان وەك لەسەرەوە هێمامان بۆ کرد لەپێناو ئامانجێکی دیاریکراوی گروپێکی سیاسی بەکاردێن.

ئێستاش لە واقیعی دوای ڕاپەڕینی باشوری کوردستاندا، وێڕای بەرەوپێشەوەچوون لە زۆر بواردا، بەڵام هێشتا زۆر لە کایەکان مانای تەواوەتی خۆیان وەرنەگرتووەو باش نەخەملێون، دیارە سەرباری هۆکارە ئابوریو کۆمەڵایەتیەکان، هۆکاری سیاسیو بە تایبەتتر هۆکاری ئایدۆلۆژی کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ئەو پێنەگەیشتنە هەیە.

لەم ژینگەیەی ئێمەدا لەناو ڕێژەیەکی کەم لە خوێنەری ڕۆژنامەی گۆڤارو ڕۆژنامە، ڕۆژانە ڕێژەیەکی زۆر لە چاپکراوی ڕۆژانەو هەفتانەو مانگانەو وەرزانەو ... دەبینین بە ناوی جیاوازو بە ستاف نووسینی جیاوازەوە، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە بەشێکی بەرچاویان شوناسی ئەهلیبوون یان ئازادبوونیان بۆ خۆیان هەڵگرتووە بە بێ ئەوەی بزانن پرەنسیپەکانی ئەو

فۆرمه رۆژنامەنووسییه چییه؟ بەرپرسیارێتیەکانی چین؟ کە ئەمەش لەیەکەم بینینـدا هەنـدێ گومانـت لا دروسـتدەکات، گومان لە بوونی دەمامکگەلێك بەناو و ئەدرەسی ئازادبونەوە!! هەروا کاتێك بە چاوێکی بابەتیانەوە لە بابەتو مەتریاڵەکان دەڕوانیـتو وردەبیتـەوە بـە ئاشـکرا ئـەوەت بـۆ روونـدەبێتـەوە کـەوا دەمامکـەکانی رووی ئـەو میـدیا یـا رۆژنامەیـە چینو سەرچاوەکانی دارایی لە لایەكو سەرچاوەکانی زانیـاریو هـەواڵی لـە لایـەکی دیکـەوە کوێیـە. یـان بـە کۆنترۆڵی کـام ئاراسـتە دەجولێتەوەو کاردەکات. ئەمەش شێواندنی مانای میدیای ئازادو ئەهلییـەو زڕانـدنی ناوبـانگی کـاری رۆژنامەنووسـیو بنـەما سـەرەکیەکانی ئێتیکـی پیـشەکەیەتی کـەوا بـەر لـە هـەموو شـتێك خـۆی لـە بەرپرسـیارێتیو بێلایـەنیو هاریکارینـەکردنو بابەتیبوونو... دەدۆزێتەوە.

"ماوەیەك بەر لە ئێستا رۆژنامەی (دەروازەیەکی تر) کە دوو هەفتەنامەیەکی ئازاد بوو لەلایەن کۆمەڵێك گەنجەوە لـە رانیـە دەردەچوو، لەلایەن ستاف رۆژنامەکەوە خۆی، لەسەر فشاری خـەڵكو کۆمـەڵێك حـزبو رێکخـراو، لـە ئـەنجامی بڵاوکردنـەوی رێپۆرتاژێك لەمەڕ دیاردەی نێربازی، داخرا."

ئەمەی سەرەوە تەنها چەند رستەیەکی هەواڵییەو بەس، کـە زانیارییـەك دەداتو دەڵـێ: رۆژنامەیـەك لـە قەزایـەکی گـەورەی کوردستان، کەوا "ئازاد" بووەو کاری لەسەر "دەنگی هاووڵاتیو ئاشکراکردنی گەندەڵیەکان" کردووە، بەڵام ئەوەی ئاماژەکـانی پشت ئەو رستەیە روونـدەکەنـەوە رسـتێك هەقیقـەتی دیـارن کـە لـە ئـەنجامی خوێندنەوەیـەکی بابەتیانـەوە بەرهـەمهاتوون، وەکچۆن هۆکاری دەرچواندنی رۆژنامەکە پیشاندەدات، ئاوهاش لە هۆکاری داخستنیشی دەدوێت.

واتە بەندە هەروەك پێی وانیە مەرامی پشت دەرکردنی ئەو رۆژنامەیە "دەرخستنی کەموکوڕییەکان" بێت، ئاواش نایبینێـت داخستنیشی لەسەر "لادان بێت لە بەها پیرۆزەکانی کوردەواری".

بە تەماشاکردنێکی بابەتیانەی هەر حەوت ژمارەی (دەروازەیەکی تر) هەر لە ژمارەی نۆبەرەیەوە، درك بـەو راسـتیە دەکـەیت چ سیاسەتێك لە پشت وروژاندنی بابەتەکانیو گەورەکردنو زەقکردنەوەیانـدا هەیـە، چۆن کـار لەسـەر باسـێك کـراوەو چۆن باسێکی دیکە پـەراوێز خـراوە، چۆن مەسـەلەیەك زیـاد لـە قـەبارەو بـەهای خـۆی لـە رووی رۆژنامەنووسـیەوە، بـارز کـراوەو کراوەتە هەواڵی سەرەکی؟... ئەمانەو چەندین چۆنو بۆی تر کە گومان دەخەنە سەر پرۆژەیەکی لەمجۆرە، ئەمە لـە کاتێکـدا ناکرێ هەندێ رووی جوانی رۆژنامەکەش دەرنەخەین لە دەرخستنی هەندێ بەهرەو توانای قەڵەمی نوێو گەنجی ناوچـەکە، کەوا خۆشم چەند جار راسـتەوخۆ وەکو هاوڕێیـەتی یـان هاوشـاری بـە خـاوەن ئیمتیـازو سەرنووسەرەکەیـشم راگەیانـدوونو دەستخۆشیو مانـدوونەبوونم لێکردوون، بەڵام ئەمـە مانـای ئـەوە نـەبووە کـە سـەرنجم لەسـەر رۆژنامەکـەو هێڵـی کـارکردنو سیاسەتی گشتیی رۆژنامەکەوە نەبووبێت.

بەهەر حاڵ، لە ماوەی ئەو حەوت ژمارەیەدا، رۆژنامەکە پەنجەی بـۆ هەنـدێ بابـەت راکێـشاوەو دیـدارو راپـۆرتو رێپۆرتـاژی لەسەر سازکردوونو وتاری لەسەر نووسیوە، کەوا ئەوەی لە میدیادا پێیدەوترێت (بێلایەنی) لە هەندێکیاندا بە وردی رەچـاو نەکراوە، چونکە (بێلایەنیو لایەنگیری) دوو چەمکی فرە رەهەندو هەستیارنو دەکرێ لـە زۆر حاڵـەتی جیـاوازدا دەربکـەون، بـۆ نمونـە: گرنگیـدان بـە پرسـێكو پەراوێزخـستنی پرسـێکی دیکـە، بڵاوکردنـەوەی داتـاو هـەواڵێك لـە لاپەڕەیـەکی دیـارو بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی تر لە لاپەڕەیەکی ناوەوە، یاخود بڵاوکردنـەوەی دوو هـەواڵ لـە یـەك لاپـەڕەدا، بـەڵام یـەکێکیان بـە بایەخی زۆرەوەو لە سوچی سەرەوەی لاپەڕەکە بە وێنەوە...

دیارە من ناڵێم با رۆژنامە گرنگی بە بابەتێك نەداتو گرنگی بە بابەتێکی تر بدات، ئەمە بـەر لەهـەر شـتێك مـافی میدیایـە، بـەڵام لـە سـنوری ئێتیکـی کـاری رۆژنامەنووسـیدا، بۆیـە پرسـیارەکە لێرەوەیـە: بۆچـی تـۆ شوناسـی رۆژنامەیـەکی ئـازادت هەڵگرتووە، کەچی نزیکی ئەو بابەتانە ناکەویتەوە کە لەسەر حزبێـك، گرووپێـك، یـان کۆمـەڵو ئایدیایـەکی دیـاریکراونو لـە هەمانکاتیشدا لەسەر لایەنێکی تر بەردەوام بابەتو راپۆرتو بەدواداچوونو چاوپێکەوتنت هەیـە؟ ئەمـە ئـەو گومانەیـە کـە لەسەر دەرکردنی ئەو رۆژنامەیە هەیە، کەوا لە ئامـانجی "دەرخـستنی کەموکوڕیـەوە" دەبێتـە "ئامـانجێکی حزبـیو سیاسـیی تەسك" هەروەك لە داخستنیشیدا، من رای تایبەتم هەیەو پێموانیە ئەو رێپۆرتاژەی کە لـە ژمـارە حەوتیـدا لەسـەر دیـاردەی

نێربازی (ئەگەر ناوهێنانی بە دیاردە ڕاست بێت) بووبێتە هۆکاری داخستنی ڕۆژنامەکە، ئەگەر لایەنێك یان هێزێکی سیاسی لە پشت دروستکردنی ئەو فشارە جەماوەری‌و کۆمەڵایەتیە نەبووبێت کە لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە ئیدانەی ڕۆژنامەکەو ستافەکەی کرد، باشترین نمونەش بۆ ئەمە ڕاگەیاندنی ئەو حزبەیە کە لەو کاتەدا بە چ شێوەیەك هانی خەڵکیدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕۆژنامەکە، لە کاتێکدا ڕۆژنامەکە تەنها باسی "دیاردەکە" دەکات بە شێوەیەکی گشتی‌و ڕای چەند کەسێکی بەبێ ناوهێنانیان وەرگرتووە کە ئەمەش تەنها هی ڕانیەو ناوچەکە نەبوون، بەڵکو هی ناوچەکانی دیکەشی تیا بووە، هەروەك هەموو لایەك دەزانێت ئەم بابەتە یەکەمجار نیە دەوروژێنرێت، زۆر لە ڕۆژنامەکانی تر بەر لەم ڕێکەوتە کاریان لەسەر ئەمجۆرە بابەتانە کردووە، بەڵام بۆچی بە تەنها ئەمە ئەو هەرایەی لەسەر دروستدەبێت؟! ئەمەش جێگای گومانە!

هەروا لەکاتی دروستبوونی ئەو هەرایەدا، ئەو لایەنەی کە لە پشت دەرکردنی ڕۆژنامەکە بوو و ڕەزامەندی مینحەی لە یەکەمین ژمارەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ وەرگرتبوو (لە کاتێکدا بە بڕیارێکی وەزارەت تا دوانزە ژمارە لە بڵاوکراوەیەك دەرنەچێت مینحەی پێنادرێت!)، خێرا کەوتە کشاندنەوەی ئەو دوو کادرە باڵایەی کە دوو پۆستی گرنگی تەحریرو ئیدارەی ڕۆژنامەکە بوون بە بیانووی ئەوەی کاتێك چوونەتە ناو ئەو ڕۆژنامەیە پرسیان بە ئۆرگانەکەی خۆیان نەکردووە! سەیرە ئەی بۆچی دوای حەوت ژمارە ئینجا هەستتان کرد پرسیان نەکردووە؟

هەروەها سەرنجم لەسەر شێوازی داخستنەکەش هەیە کە بە "ڕەزامەندی ستافەکە" بوو و خۆیان نامەیەکی ئاگاداریان دا بە چەند لایەنێك‌و داخستنی ڕۆژنامەکەیان ڕاگەیاند، کە ئەمەش شایانی هەڵوەستە لەسەر کردنەو گومانی ئەوە دروستدەکات کە تۆ ڕۆژنامەیەکی ئازاد بیت، یەکێك لە پرەنسیپەکانی ڕۆژنامەی ئەهلی‌و ئازاد بریتیە لە (سازشنەکردن)، ئیتر کە تۆ پێتوایە ئەرکێکی ڕۆژنامەنووسیت جێبەجێکردووە بۆچی ئاوا تەسلیمبوویت؟ بۆ بەرگری ناکەیت؟ ئەی کەواتە تۆ چ ڕۆژنامەنووسێکیت نەتوانیت لە وەها هەڵوێستێکدا خۆت ڕووبەڕووی کاردانەوە نەکەیتەوە؟ (دیارە من لە کاتی خۆیدا هەمان ئەو شەوەی کە ستاف دەروازەیەکی تر خەریکی کۆبوونەوە بوون بۆ ڕاگەیاندنی داخستنی ڕۆژنامەکەیان بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ هاوڕێی ئەزیزم کاکە هەندرێنی سەرنووسەر کرد، ڕای منی وەرگرت، بەڵام من لەگەڵ ئەوەدا نەبووم‌و بەڵێنی هەموو هاوکارییەکیشم پێدا، وتم: هەتا ئامادەم ئیمزاشتان بۆ بکەم).

دواجار لەم ئاستانەدا ئەوەی ڕوونبۆوە ئەوە بوو کە ڕۆژنامەی ئازادو فشاری مەدەنی لە واقیعی ئێمەدا تا ئێستاش بە ڕادەیەکی زۆر جگە لە گەمەی حزب‌و هێزە سیاسیەکان چیتر نیە، ئەمەش لێدانێکی کوشندەیە لە هەوڵ‌و هەنگاوەکان بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی‌و کراوەو تەندروست.

نابێ ئەوەشمان بیربچێت، لەم گەمەیەشدا کە حزب پاڵەوانی بوو، تاکە زیانلێکەوتوو خەڵکی ڕانیەو ناوچەکەو ناوو ناوبانگی دەروازەی ڕاپەڕین بوو، کە دیسانەوە بێ ڕەزامەندی خۆی خستیانەوە نێو تەمتومانی دواکەوتوویەوە.